دارایی هەرێم: داوامان لە بەغدا کردوە تەواوکاری موچەی مانگی یەکی خانەنشینان خەرج بکات



وەزارەتی دارایی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ پێنجشەممە، بە نوسراوێك داوایان لە بەغدا کردوە زیاتر لە 36 ملیار دینار وەك تەواوکاری تەمویلی موچەو شایستەی خانەنشینانی شارستانی و سەربازیی هەرێم بۆ مانگی یەك خەرج بکات.

وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم، ئاوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، سەبارەت بەموچەی مانگی کانونی دوەم و دوای گفتوگۆیەکی لە وەزارەتی دارایی عێراق بە کۆموکۆییەوە، لێرەو لەوێ چەندین لێکدانەوەو تێگەیشتنی ناڕاست ئاڕاستەی وەزارەتەکەمان کراوە.

ئەوەشی خستەڕوو، لێگەڕان گفتوگۆی تەمویلی موچەی مانگی کانونی دوەمی ئەمساڵ وەک وەزارەتی دارایی یەکەم لایەن بوین کە داوامانکرد، وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ زیاتر لە 36 ملیار دیناری لە تەمویلی موچەی ئەو مانگە بیەوێ نیناردوە کە بریتیبێ لە موچەی چەند مانگێکی خانەنشینانی سەربازی و شارستانی و کەمئەندامی سەنگەر.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، لە 27ی 1ی 2026 بەنوسراوێك داوای خەرجکردنی زیاتر لە 281 ملیارو 125 ملیۆن و 471 هەزار دیناریان بۆ موچەی مانگی کانونی دوەمی خانەنشینانی شارستانی و سەربازی کردوە، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق تەنیا بڕی 244 ملیار و 764 ملیۆن و 606 هەزار دیناری وەک تەمویلی موچەی مانگی کانونی دوەمی خانەنشینانی شارستانی و سەربازی ناردوە.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، ئەمڕۆ پێنجشەممە نوسراوی دوەممان ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کردوەو داوای خەرجکردنی بڕی زیاتر لە 36 ملیار دینارمان کردوە وەک تەواوکاری تەمویلی موچەو شایستەی خانەنشینانی شارستانی و سەربازی بۆ مانگی کانونی دوەم.

وەزارەتی دارایی هەڵەشەی لێپچینەوەی یاسایی کردوەو وتویەتی"ببێبیر هەمو ئەو کەس و لایەن و دەزگا ئاگیاندنانە دەهێنینەوە کە بڕیاری ناڕەوا هەرشدکەنە سەر وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان و بوختان و تەمەتی ناڕەوا دەبەخشنەوە دەبەت چاوەڕێ بن هوبەوی دادگا ببنەوە لە پێناو سەلماندنی ڕاستییەکان.